چالاکیی هونەریی لە هونەرمەند شەمس کوەتی لە عێراق قەدەغە کرا

سەندیکای هونەرمەندانی عێراق، بەیاری دا بە قەدەغەکردنی هونەرمەندی گۆرانیبێژی ناسراوی عەرەب "شەمس کوەتی" لە چالاکیی هونەری لە عێراق تا ماوەی ساڵێکی دیکە.

سەندیکاکە هەکاری ئەو بڕیارەی بە ئەوە گەیاندووەتەوە کە شەمس کوەتی لە لەدوان و قسەکانیدا هەرشی کردووەتە سەر سیاسەتمەدارانی عێراق، بەتایبەت لە فیدیۆیەکدا کە لە چەند رۆژی رابردوودا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو بووەتەوە.

سەندیکای هونەرمەندانی عێراق ئاماژەی بە ئەوەش داوە بڕیارەکە بە شێوەیەکە کە تاوەکوو ساڵێکی دیکە ئەو هونەرمەندە ڕێگەی پێ نەدرێت تەنانەت بەتەنێ خاکی عێراقیشەوە، ئەمەش لە ڕێگەی هەڵئەمنییەکانەوە جێبەجێ دەکرێت.

پێشووتر شەمس کوەتی، چەندین لەدوانی داوە و کاردانەوەی تووندی لێکەوتووەتەوە، هونەرمەندەکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەوە ناسراوە کە هەرش دەکاتە سەر کەسایەتییەکان و کلتوورە باوەکانی کۆمەڵگە

بہ ئەمەش چەندین جار داوا کراوە کە بدرێتە دادگا.